
# چیرۆکی عیسا



**عیسا** پێش دوو هەزار ساڵ لە وڵاتی فەلەستین ژیا. قسە و کردەوەکانی جیهانی گۆڕی. هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەیە یارمەتی دەدرێن هەتا ژیانی چاکتر بژین، پاش مردنیش بۆ هەتاهەتایە لەئاسمان لەگەڵ خودا دەبن.


**چیرۆکی** عیسای مەسیح پێش لە دایك بوونی دەست پێ دەکات، کاتێك فریشتەیەك لە لایەن خوداوە هاتە لای مریەمی دایکی عیسا. فریشتەکە پێی ووت: ئەوەتا سك دەکەیت و کوڕێکت دەبێت کە مەزن هەڵدەکەوێت و بە کوڕی خودا ناودەبرێت و خودا باوکیەتی نەك بە لەش بە ڵکو بە هێزی ڕوحی پیرۆز. چونکە ئەوەی سکت پێی هەیە لە ڕوحی پیرۆزە. ناودەنرێت عیسا چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.








**پێش** لە دایك بوونی عیسا بەماوەیەکی
کەم، مریەم و یوسفی دەزگیرانی
بەگەشتێکی دوور چوونە بێت لەحم
هەتا ناوونوس بکرێن. کە لە میوانخانە
جێگایان دەست نەکەوت چوونە
تەوێڵەیەك و لەوێ مانەوە.
لەو شەوەدا عیسا لەدایك بوو.
دایکی قونداغی کرد و لەناو ئاخوڕێك داینا.




**چەند** شوانێك ئێشکگری
مەڕەکانیان بوون. لەناکاودا
فریشتەیەك دەرکەوت و پێیانی
ووت:"مەترسن! من مزگێنیەکی
خۆشتان پێدەدەم. ئەم شەو
کوڕی خوداتان بۆ لە دایك بوو"
پاشان کۆمەڵێك فریشتە گۆرانی
ڕوحییان گووت:"شکۆمەندی
بۆ خودا لە بەرزایی.. ئاشتیش
لەسەر زەوی" شوانەکان بە
پەلە چوون بۆ دێیەکە
و کرنۆشیان بۆ کۆرپەکە برد.



**دواتر،** هەندێك مەجوس لەڕۆژهەڵاتەوە هاتنە سەردانی عیسا منداڵی خودا. لە دوورەوە بەدوای ئەستێرەیەكی سەیر كەوتبوون.
لە ئۆرشەلیمدا وەستابوون و پرسییان: "كۆرپە پاشایەكە لەكوێیە؟"
پێیان ووترابوو پێغەمبەرێك پێش 400 ساڵ پێشبینی كردووە كە عیسا لە بێت لەحم لە دایك دەبێت.
مەجوسەكان بە خۆشیەوە كرنۆشیان بۆ عیسا برد، وەك دیاری پاشاكان زێڕ و بخور و موڕیان پێشكەش كرد.








**فریشتەیەك** بۆ یوسف دەركەوت وداوای لێكرد مریەم و عیسای منداڵ ببات و لە بەیت لەحم هەڵبێن. چونكە مەترسییان لەسەر هەیە. جا عیسا لە ناسیرە گەورە بوو. كە شارۆچكەیەكی بچووكە لە سەرووی ئۆرشەلیم. عیسای مێردمنداڵ یارمەتی یوسفی دەدا لە دارتاشین.

لە تەمەنی دوانزە ساڵی عیسا سێ ڕۆژ لە پەرستگادا گفتوگۆی لەگەڵ مامۆستایانی شەریعەت دەكرد. سەرسام بوون لە زۆری تێگەیشتنی.



**لە تەمەنی** 30 ساڵیدا بە دێیەکاندا دەگەڕا و باسی خودای بۆ خەڵکی دەکرد.
12 قوتابی هەڵبژارد تا یارمەتی بدەن. چواریان ماسیگر بوون پەترۆس
وئەندراوس و یاقوب و یۆحەنا.





**پیاوێك** ناوی (نیقودیموس) بوو ئەندام بوو لە ئەنجومەنی جوولەکە شەوێك هاتە لای عیسا و پرسیاری خوادی لێکرد. عیسا پێ ووت: "خودا تا ئەوەندە جیهانی خۆشویست تەنانەت کوڕی خۆی پێشکەش کرد، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن لەناو نەچن. بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن."



**عیسا** تەنها باسی خودای بۆ خەڵك نەدەکرد، بەڵام دەسەڵاتی خودای دەرخست، بە نیشانەی سەیر و پەرجو. شەوێکیان لە دەریاچە دەپەڕییەوە ڕەشەبایەك هەڵیکرد و شەپۆڵەکان بەرز بوونەوە، ماسیگرەکان ترسان لەناوبچن. عیسا سەرزەنشتی ڕەشەبا و شەپۆڵەکانی کرد: "بێ دەنگ بە!" دەست بەجێ ڕەشەباکە هێمن بووەوە.
قوتابییەکانی سەرسام بوون.

**ڕۆژێکیان** عیسا هاتە گوندێك ناوی نایین بوو، بینی وا تەرمێك بەرەو گۆرستان دەبردرێ. مردووەکەش تاقانەی بێوەژنێك بوو. عیسا دەستی لە دارتەرمەکە دا







و فەرمووی "ئەی لاو ! بە تۆ دەڵێم هەستەوە !" یەکسەر لاوەکە هەستایەوە و کەوتە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری، پاشان لەگەڵ دایکی چووەوە ماڵ.




**جارێکیان** داوا لە عیسا کرا کچێکی 12 ساڵی چاك بکاتەوە، کاتێك عیسا گەیشتە ماڵەکە کچەکە مردبوو. عیسا بە دایك و باوکی فەرموو: "مەترسن ! تەنها باوەڕم پێ بکەن !".
پاشان دەستی کچەکەی گرت و ووتی:
" کیژۆڵە، دەی هەستەوە !"
یەکسەر کیژۆڵەکە هەستاو بەڕێکەوت.





**ڕۆژێکیان** زیاتر لە پێنج هەزار کەس گوێیان لە عیسا دەگرت، ئەویش باسی خودای بۆ دەکردن، کە برسییان بوو عیسا سەبەتەیەکی لە مێردمنداڵێك وەرگرت،پێنج نان و دوو ماسی تێدابوو پیرۆزی کرد و بە خەڵکەکەی دا، خواردنەکە بەرەکەتی تێکەوت و زیادی کرد هەموویان تێر بوون.
سوپاسی خودایان کرد لە بەر ئەو کارە سەرسوڕهێنەرە.





**خەڵکی** لە دەوروبەری عیسا کۆدەبوونەوە،
نەخۆشەکان نەیان دەتوانی بگەنە لای. رۆژێکیان
چوار کەس هاورێیەکی خۆیان کە ئیفلیج بوو،
لە سەربانی ژوورێکەوە شۆریان کردە خوارەوە،
بۆ ئەو جێگایەی عیسای لێ بوو. عیسا لەگوناهەکانی
پیاوەکە خوش بوو و چاکی کردەوە. یەکسەر پیاوەکە
هەڵسایەوە و نوێنەکەی خۆی هەڵگرت و بەرەو ماڵ
بەرێ کەوت، ستایشی خوداشی دەکرد.





**عیسا** کوێر و شێت و نەخۆشی جۆراوجۆری چاک
دەکردەوە. عیسا خەڵکی خۆشویست و خەڵکیش
ئەویان خۆشویست. بەڵام لە هەمووی گرنگتر
ئەوەیە کە عیسا ویستی خەڵك خودایان خۆش بوێت.




**عیسا** فەرمووی دەبێت هەر کەسێك یەکەم جار خودای خۆش بوێت، پاشان دەبێت نزیکەکەی وەك خۆی خۆش بوێت. نموونەیەکی بۆ هێنانەوە لەسەر کابرایەك تووشی ڕێگر دێت و لێ دەدن و ڕووتی دەکەنەوە پاشان لە نێوان مان و نەمان بەجێی دەهێڵن. هیچ کەسێك یارمەتی نادا هەتا کابرایێك تێدەپەڕێ کە لە لایەن هەموو خەڵکەوە نەفرەتی لێکراوە، برینەکانی تیمار دەکات و نرخی دەرمانەکانی دەدات. عیسا ئەم نمونەیەی هێنایەوە هەتا دووپاتی بکاتەوە کە دەبێت هەموو مرۆڤێك خەڵکی خۆش بوێت و چاکە لەگەڵ هەمووان بکات.



**بەهۆی** زۆری خەڵك منداڵەکان نەیان توانی عیسا ببینن. ڕۆژێکیان عیسا بە قوتابیەکانی ووت: "ڕێ بدن منداڵەکان بێنە لام، چونکە پاشایەتی خودا بۆ ئەوانەیە کە باوەریان وەك ئەم منداڵانەیە".

**لەعازری** هاورێی عیسا مرد، عیسا وتبووی کە هاورێکەی زیندوو دەکاتەوە هەتا هێزی خودا دەربخات. داوای لە خەڵکەکە کرد بەردی سەر دەرگای گۆرەکە لادەن، پاشان فەرمووی: "لەعازر! وەرە دەرەوە!" یەکسەر لەعازر بەکفنەوە هاتەدەرەوە.



**عیسا فەرمووی:** من زیندوکەرەوەی مردووانم، ژیان بەخشم، ئەوەی زندوو بێت و باوەڕم پێ بهێنێت تاهەتایە نامرێت.



**خەڵکی** حەسودیان بە عیسایان برد، هەندێك رقیان لی بووەوە کاتیك کە فەرمووی من کوڕی خودام. نەیان زانی عیسا هاتووە بۆ هەڵگرتنی گوناهەکانی جیهان. عیسا هەردەم بە قوتابی و گوێگرانی دەگوت من دەمرم و لە رۆژی سێهەم خودای باوکم زیندووم دەکاتەوە.

**رۆژێکیان** عیسا بە سواری جاشك دەهاتە ناو شاری ئۆرشەلیم، خەڵکی هوتافیان لێدا "بژی پاشا ! " لقە دار خورمایان هەلگرتبوو و وەك پاشا پێشوازیان لێکرد.

ئەمە رقی سەرکردەکانی زیاد کرد، بریاری کوشتنی عیسایان دا. کاتێك یەهوزا کە یەکێك بوو لە قوتابیەکانی، ئامادەیی خۆی دەربری عیسا بەگرتن بدات، سەرکردەکان بریاریان دا عیسا بگرن.




**ئەو شەوەی** عیسا بەگرتن درا، عیسا قوتابیەکانی بۆ شیو داوەت کرد، بۆی دووپات کردنەوە کە دەمرێ، بە مردنیشی گوناه و خراپەکانی جیهان دەسڕیتەوە. پاش نان خواردنیان عیسا ئەو شەوەی لەکێڵگە بە نوێژ بردە سەر پاشان عیسا دەستگیر کرا و برایە لای فەرمانرەوای رۆمانی. فەرمانڕەوا وتی عیسا هیچ تاوانێکی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عیسا درایە بەرقامچی و سەربازەکانیش تاجی دڕکیان خستە سەری. چونکە هەموو خەڵکەکە هاواریان کرد و وتیان:

﴿لە خاجی بدە !

بیدە بەر قامچی !﴾













**پیلاتۆسی** فەرمانڕەوا بۆ ڕازی کردنی خەڵکەکە حوکمی مردنی عیسای دا لەسەر خاچ لە نێوان دوو دز. خاچەکە زۆر قورس بوو. عیسایان ناچارکرد خاچەی هەڵگرێت لە شەقامەکانی شار هەتا گردی جولجوسە







**سەربازەکان** دەست و قاچی عیسایان بەخاچەکەوە بزمارکوت کرد، ئەم شێوە مردنە زۆر بەئازار بوو، وەك پەند بۆ هەر کەسێك بیر لە تاوان کردن بکاتەوە. یەکێك لە دوو دزەکەی کە لەگەڵ عیسادا لە خاچدرابوون پەشیمان بووەوە لەو تاوانانەی کردبوونی و داوای لێ خۆشبوونی کرد. عیسا پێی ووت: "گوناهەکانت بەخشراوە و لە ئاسماندا لەگەڵم دەبیت"




لەگەڵ ئەوەی عیسا ئازارێکی زۆری هەبوو، سەیری ئەوانەی کرد کە لە خاچیاندا و فەرمووی:
"باوکە لێیان خۆشبە لەبەر ئەوەی نازانن چی دەکەن !"





کاتی نیوەڕۆ، خۆر گیرا و ماوەی سێ سەعات تاریکی باڵی بەسەر زەوی کێشا. پاشان بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
"تەواو بوو!"
ئینجا ڕوحی سپارد.
زەوی لەرزی و یەکێک لە سەربازەکان وتی:
"بەڕاستی ئەمە کوڕی خودا بوو".

سەرکردەکان چوونە لای



پیلاتۆس و پێیان ووت: عیسا بەڵێنی
دا لە نێوان مردووان هەڵدەستێتەوە،



بۆیە داوایان کرد پیلاتۆس گۆڕەکە
مۆربکات و بەردێگی گەورە و پاسەوان
لەسەر دەرگای گۆڕەکە دابنێت،
نەوەك شەو کەسێك بێت و بیدزێت.





بەڵام لە رۆژی سێیەم پاش مردنی، عیسا زیندووبووەوە. فریشتەیەك بەردەکەی لابردبوو هەتا هاوڕێکانی ببینن کە گوڕەکە بەتاڵە. کاتێك کە هاوڕێکانی لە بەیانی رۆژی یەك شەممەدا هاتن، سەریان سوڕما کە دوو فریشتە پێیان گووتن:
"ئەو لێرە نییە ! هەستایەوە و زیندووبووەوە، قسەکانی نایەتە بیرتان؟"

**عیسا** ماوەی چل ڕۆژ بۆ هاوڕێکانی دەرکەوت. جارێکیان لە کەنار وەستا و بانگی ماسیگرە هاورێکانی کرد:

"تۆڕەکانتان فڕێدەنە ئەوبەرەوە."

ماسیەکی زۆریان گرت (153 ماسی) لەگەڵ ئەوەشدا تۆڕەکانیان نەدڕا







**ڕۆژێکیان** عیسا قوتابیەکانی بردە بەیت عەنیا. داوای کرد کە بە هەموو خەڵکی رابگەیێنن کە عیسا خۆشیانی دەوێت و لە جیاتی ئەوان مرد.

پاشان پیرۆزیانی کرد و بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە. بەڵام بەڵێنی دا کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵمان دەبێت و یارمەتیمان دەدات هەتا ژیانێکی چاك بژین. هەروەها بەڵێنی ئەوەی دا کە ڕۆژێك دێت دێتەوە زەوی و پاشایەتی خۆی دادەمەزرێنێت.

# بەم جۆرە دەبیتە ئەندام لە خێزانی خودا

1. خودا خێزانەکانی خۆش دەوێت. پاش ئەوەی خودا ئەم جیهانەی دورست کرد یەکەم خێزانی دروست کرد. ئادەم و حەوا بوون. یەکەمین بنکەیان لە بەهەشتی عەدەن بوو.
2. خودا چاکە، تەنها چاکەی ویست بۆ ئادەم و حەوا. خودا رِوونی کردەوە دەبێت چی بکەن و چی نەکەن. ئادەم و حەوا بە کەیفی خۆیان بوو بە قسەی خودا بکەن یان بەیَ قسەی نەکەن.
3. شەیتان رِقی لە خودا و ئەو خێزانە دەبێتەوە کە خودا دروستی کرد. شەیتان لە شێوەی مارێك چووە لایان بۆ بەهەشتی عەدەن. شەیتان بە حەوای ووت، خودا راستی پێتان نەوت، حەوا باوەرِی بە شەیتان کرد. ئادەم دەیزانی کە نابێت ئاوها بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا برِیاریدا سەرپێچی فەرمانی خودا بکات.
4. کاتێك ئادەم سەرپێچی خودای کرد، کارێکی ترسناك هاتە دی. ئادەم ترسا و ویستی لە رِووی خودا خۆی بشارێتەوە. خودا بە ئادەم و حەوای ووت کە گوناهیان کرد، دەبێت برِۆنە دەرەوەی بەهەشتی عەدەن. بەم جۆرە، زەوی لەجیاتی ئەوەی ببێت بە جیهانێکی پر لە خۆشی، بوو بە جێگای خەم. رِق جێگای خۆشەویستی گرتەوە. خەڵکی یەکتریان کوشت.
5. ئادەم و حەوا یەکەم دایك و باوکی گشت مرۆڤایەتین. چونکە ئادەم هەڵەی کرد. ئێمەش بەتاوانباری لەدایك دەبین.
6. پلانی تایبەتی خودا ! هێشتا خودا گشت مرۆڤی خۆش دەوێت گەر تاونباریش بن. خودا ویستی ببێت بە بەشێك لە نەژادی مرۆڤـانە. جا برِیاری لە دایك بوونی عیسای کورِی خۆی دا. وەك منداڵێکی مرۆڤانە، بەڵام بەبێ باوکی مرۆڤانە.
7. لەبەر ئەوەی عیسا باوکی مرۆڤانەی نەبوو، وەك تاوانبارێك لە دایك نەبوو. بۆ ماوەی 33 ساڵ ژیانێکی بێتاوانی ژیا. خودا دەیزانی گەر عیسا لەجیاتی ئێمە بمرێت، دەتوانێت سزای هەموو تاوانەکانی مرۆڤـ هەڵبگرێت. لەبەر ئەمە عیسا رازی بوو لە سەر خاچ بمرێت. عیسا کە رِەشەبای هێمن کرد و لەعازری زیندووکردەوە و پێنج هەزار پیاوی تێر کرد، دەیتوانی رێ لە سەربازەکان بگرێت هەتا نەیگرن و لێی نەدەن و بزمارکوتی نەکەن لەسەر خاچ. بەڵام رازی بوو بکوژرێت جونکە سزای تاوانەکانمانی هەڵگرت.
8. خودا سەلماندی کە عیسا تەنها مرۆڤـ نییە کاتێك لە پاش سێ رۆژ لە نێو مردووواندا هەڵسایەوە ! بۆمانی سەلماند کە لەوە زیاترە تەنها مرۆڤـ بێت، لەبەر ئەوەی زیندووە، دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ ببەستین.

9.مۆژدە ئەوەیە کە هەر کەسێك باوەڕ بە عیسا بهێنێت خودا لێی خوش دەبێت.
هەتا ئەو نرخەت دەسکەوێ کە عیسا دای لەبری گوناهەکانت، دەبێت بڕیار بدەیت کە باوەڕ بە عیسا بهێنیت. گەر بە ئاشکرا دانمان نا کەوا عیسا مرد هەتا لە گوناهەکانمان خۆشبێت، باوەڕیشمان هێنا کە خودا هەڵیساندەوە لە نێو مردووان خودا لە گوناهەکانمان خوش دەبێت و لە بیری دەکات وەك بەڵێنی داوە.
10.کاتێك کە ئەمە دەکەین، ڕوحی پیرۆز دێت و لە ئێمەدا نیشتەجێ دەبێت، هەروەها توانامان پێدەدات ژیانی باوەڕ بژین. ئێمە ئەندامین لە خێزانی خودا. ڕۆژێك دێت و دەچینە ئاسمان هەتا لەگەڵ خودا بژین تاهەتایە.
گەر تۆش دەتەوێت عیسا بکەی بەسەرۆکی ژیانت هەتا بتکات بە کەسێکی نوێ دەتوانیت ئەم نوێژە بکەیت:

ئەی عیسا ! باوەڕم هەیە کە تۆ کوڕی خودای
باوەڕم هەیە کە هاتیتە سەر زەوی هەتا نرخی تاوانەکانمان بدەیت،
تاوانەکانی منیش. باوەڕم هەیە کە مردیت و زیندووبوویتەوە و
ئێستاش زیندووی. ئەی عیسا ! داوا دەکەم لە گوناهەکانم خۆشبیت،
بمکەیتە ئەندامێك لە ئەندامانی خێزانەکەت، داوا دەکەم بێیت و لە
ناومدا بژیت، ببیت بە گەورە و خوداوەندم. ئامین !

**بە ڕاستی باوەڕدارم ! داوام کرد عیسا ببێت بە رزگارکەرم.**

**(ناو)** **(مێژو)**

ئێستاش پاش ئەوەی عیسات بە رزگارکەر قبوڵکرد، خۆی بەردەوام لەگەڵتدایە. تەنانەت لە کاتێکدا کە نتوانیت کاری چاك بکەیت. عیسا توانات دەداتێ تا بڕیاری ڕاست بدەیت. دەتوانیت لەگەڵ خودا بە نوێژ قسە بکەیت. خۆی ڕێنماییت دەکات کاتێك دەتەوێت بڕیار بدەیت هەروەها یارمەتیت دەدات هەتا بەرەو پێش بچیت لە زانینی پلانی خودا بۆ ژیانت.
ئەو ڕاسپاردانەی کە عیسا داوا دەکات لە بەری بکەیت:
1. خودات خۆش بوێت بە هەموو دڵتەوە.
2. نزیکەکەت وەك خۆت خۆش بوێت.
3. لە ئاو هەڵکێشرێیت.
4. لە ڕوحی پیرۆز هەڵکێشرێیت.
عیسا دەیەوێت دڵخۆش و سەرکەوتوو بیت لە ژیانت. کاتێك ژیانی زەویت کۆتایی دێت، لە ئاسمان جێگایەکەت بۆ ئامادە دەکات.

گەر ویستت زیاتر بزانیت دەربارەی عیسای مەسیح و ئەم ژیانە نوێیە کە پێتی دەدا تکایە پەیوەندیمان پێ بکە و داوای زانیاری زیاتر بکە، بە خۆڕایی بۆتی دەنێرین.



تکایە ناوتان و ناونیشانتان بە شێوەیەکی روون

بۆئەم ناونیشانە بنوسە:
کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز
س.پ.:436 / هەولێر – کوردستان

e-mail: ibsdist@gmail.com

## ئەم بابەتانە لە وشەی خوداوەیە و عیسا دەیەوێت بیزانیت:

* خودا تۆی خۆش دەوێت.
* خودا عیسای نارد هەتا لە جێگای تۆ بمرێت،. گوناهەکانت لابەرێت، گەر داوات لێ کرد.
* گەر تاوانت کرد و داوای لێ بوردنت کرد لە خودا، لە گوناهەکانت خۆش دەبێت.
* گەر کەسێك هەڵەی بەرامبەرت کرد، عیسا داوا دەکات تۆ لێی خۆش بیت.
* عیسا دەیەوێت پیرۆز و دڵخۆش بیت لە ژیانت.
* عیسا دەیەوێت لەش ساغ بیت. هەروەها دەیەوێت چاکت بکاتەوە لە هەموو نەخۆشیەك.
* عیسا سەرکەوتنت دەداتێ بە سەر ترس.
* عیسا دەتوانێت سەرکەوتنت پێ بدات بەسەر هەر خوویەکی خراپ.
* جێگایەکت دەبێت لەگەڵ عیسا لە ئاسمان پاش کۆتایی ئەم ژیانەی سەر زەوی.
* لە یادت بێت کە دەبێت هەموو رۆژێك نوێژ بکەیت.عیسا بایەخ دەداتە بچوکترین لایەنەکانی ژیانت.
* باسی عیسا بۆ خێزانەکەت و هاورێکانت بکە
* ئێستاش پاش لەدایك بوونت لە خێزانی خودا، عیسا یارمەتیت دەدات شتی ڕاست بکەیت.

مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ خزمەتەکانی « تێری لۆ» © 2005